www.kurdistannet.org
21-2-2007 20:50 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## خەیاڵ ... هێمن کەریم خورشید

شەوان کام ئەستێرە جوانە
بە بێ دەنگی
لێ ی ئە ڕوانم
بە خەیاڵ ئەچمە ئامێزی و
خەمی تۆش
ئەنێمە شانم
سۆزو وەفاو ئەوینی تۆ
بە باڵایدا
ئەبارێنم
هەستی مناڵ ئەبێتەوە
لە گەڵ خۆمدا
ئەیگرێنم
فرمێسکی ئەو ڕەنگاو ڕەنگە
وەک فرمێسکی من
سوور نی یە
ئەو یارەکەی لە پاڵیایە
وەک عاشقەکەی من
دوور نی یە
بێ گوڵەکەی تەنها ساتێ
ڕێگا ناگرێ
بە تە نیایی
دووری وغەریبی نازانێ
قەت لێ ی ناکا
ماڵئاوایی
وا بزانم بۆ دڵی من
ئەو فرمێسکانەی
داباراند
نەفرەتم لەو خەیاڵەم کرد
خەوی ئەستێرەشم
زڕاند
فرمێسکەکانی خۆم و ئەو
ئەمشەو بۆت ئەکەمە
شیعرێ
چونکە خۆم دەستم ناتگاتێ
ئەیدەمە ئەو بۆت
بنێرێ

Hemn_kkhorshid@yahoo. com بەریتانیا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.